بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

# بڕیار

# ژمارە (35) ساڵی 2007

**یاسای جێبەجێ کردنی یاسای کۆمپانیاکانی (فیدراڵی)**
**ژمارە(21)ی ساڵی 1997ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (18) لە 31 /2007/10 بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە( 28 )ی ساڵی / 2007
## یاسای جێبەجێ کردنی یاسای کۆمپانیاکانی (فیدراڵی)
## ژمارە(21)ی ساڵی 1997ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

یاسای کۆمپانیاکانی عیراقی ژمارە(21)ی ساڵی 1997ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێ و کار بە حوکمەکانی دەکرێ تاکو یاسایەکی تایبەت بە کۆمپانیاکان لە هەرێمدا دەردەچوێنرێ.

**ماددەی دووەم:**

دەستەڵاتەکان ولایەنە فەرمیەکان لە هەرێمدا جێی دەستەڵاتەکان و لایەنە فەرمیە فیدراڵییەکان دەگرنەوە لەهەر شوێنێك ناویان لە یاسای ژمارە (21)ی ساڵی 1997دا هاتبێ.

**ماددەی سێیەم:**

ئەو رێکارانەی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بڕیاریان لەسەر داوە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بە ئوسوولّی و بەرکار دادەنرێن.

**ماددەی چوارەم:**

هەردوو وەزیرانی دارایی و ئابووری و وەزیری بازرگانی بۆیان هەیە رێنمایی هاوبەش بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ، گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بلاّودەکرێتەوە.**

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولێر**

19/**سەرماوەز**/ 2707 **کوردی**

10/کانوونی یەکەم / 2007 **زایینی**

30 /ذو القعدە/ 1428 **کۆچی**

## - هۆیە پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە -

لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستانداو لەبەر ئەوەی بڕیاری ژمارە(11)ی ساڵی 1992ی پەرلەمان کارکردنی بەو یاسایانە قەدەغە کردووە کە پاش کێشانەوەی ((ئیدارات)) لە 1991/10/23 لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرچوون، مەگەر دوای شەرعییەت پێدان بەکار پێکردنی بێ لە هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوەو، لەبەر پێویستی هەرێم بە یاسای ناوبراو تا کاتی دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەت بە کۆمپانیاکان لە هەرێمدا، ئەم یاسایە دەرچووێندرا